## مەنسوور حیکمەت

# دیموکراسی:
# دەربڕینەکان و ڕاستییەکان

## 1

**وەرگێڕانی:**
**ئاوات سەعید، سەعید ئەحمەد**
**تایپکردنەوەی: نەسرەو عوسمان**
**پیاچوونەوەی: سالار ڕەشید**

# دیموکراسی: دەربڕینەکان و ڕاستییەکان

چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەنتەرناسیۆناڵ

ئەنتەرناسیۆناڵ: بە کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و هەرەسهێنانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، لە هەموو شوێنێک باس باسی سەرکەوتنی دیموکراسییە. دەڵێن بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا دیموکراسی لە (170) وڵاتدا بەرقەرار بووە. تێکڕووخانی یەک لە دوای یەکی دیکتاتۆرییە سەربازییەکان لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین لەم چەند ساڵەی دواییدا، هاتنەسەرکاری هەندێ دەوڵەتی تازە لە ئەنجامی هەڵبژاردنی گشتی لە هەندێ لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا، وە یان لەم دواییەدا لە ئەفریقادا، دەکەنە بەڵگەی ئەم مەسەلەیە. ئێوە ئەم ڕووداوە چۆن لێک دەدەنەوە؟ ئایا ئەوەی ڕووی داوە بە ڕاستی کۆتاییهاتنی دیکتاتۆرییە سەربازییەکان و حکوومەتە سەرکوتگەر و تۆتالیتارەکانە؟

مەنسوور حیکمەت: وا پێ دەچێ باسی سەرکەوتنی دیموکراسی لەم دواییەدا خامۆش بووبێتەوە. لە دوو سێ ساڵی ڕابردوودا و لە گەرمەی ئەم باسەدا لێکدانەوەی خۆم خستە ڕوو. سەردەمی هەرەسهێنانی دیکتاتۆرییەکان (هەر ئەو کاتەش دەستەواژەیەکی خۆشباوەڕانە بوو کە بووبوە وێردی سەر زمانی سیاسەتمەدار لیبرالی و ڕۆشنبیرە نارازییەکانی وڵاتانی دواکەوتوو و بلۆکی ڕۆژهەڵات. ئەمە نیشانەی شادمانی ئەوان بوو لەوەی کە بە بۆنەی سەرکەوتنی بلۆکی ڕۆژئاوا بەسەر بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا پاداشتێک وەردەگرن. زۆر زوو ئاشکرا بوو کە شتی لەم بابەتە لە ئارادا نییە. ئەگەر لە بیرتان بێت بۆ نموونە کۆماریخوازە ئێرانییەکان، تەنانەت خۆیان ئامادە کردبوو کە بەرەو تاران بڕۆن و جەژنی دەستپێکردنی ئەم سەردەمە لە هاوشانی پرێزیدێنت ڕەفسەنجانیدا بگێڕن. ئەمڕۆ خەریکن زەرەر و زیانیان دەژمێرن. بە هەر حاڵ بەم دەستەواژەیە ئەم توێژە

کۆمەڵایەتییە و بە دوای ئەوانیشدا بەشێک لە خەڵکی بێبەش چ لە ڕۆژئاوا و چ لە ڕۆژهەڵات و چ وەک پێی دەڵێن لە باشوردا، کەوتنە دوای ئەڵتەرناتیڤە ڕاسترەوەکانی نوێ و چاویان بڕییە ئاسۆی سیستەمی نوێی جیهانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا. ئەم خۆشباوەڕییانە ئەمڕۆ زۆر لاواز بووە. ئاشکرابوو کە کۆتاییهاتنی جەنگی سارد بە مانای پەرەسەندنی ئازادی و مافە ئینسانییەکان وە یان ئاشتی و خۆشی کۆمەڵایەتی نییە. بە پێچەوانەوە هەموو دنیا باس لە ڕووداوە دڵتەزێنەکانی ئەم سێ ساڵەی دوایی و نائارامی سیاسی وکۆمەڵایەتی لە ئاستی دنیادا دەکات.

ئەوە ڕاستە کە ژمارەیەک لە ڕژێمە سەربازییەکان، بە شێوەیەکی گشتی لە ئەمریکای لاتین لەناوچوون و لە جێگەیاندا دەوڵەتی مەدەنی دامەزراوە. بەڵام ئەمە خۆی لە خۆیدا هێشتا شتێکی ئەوتۆ سەبارەت بە توونددوتیژی یان سستی سەرکوت و ستەم لەم وڵاتانەدا دەرناخات. ڕژێمە سەربازییەکان تەنها شێوە، یان تەنانەت باوترین شێوەی سەرکوتی سیاسی نەبوون. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا جێگرتنەوەی حکومەتە سەربازییەکان بە حکوومەتە ناسەربازییەکان ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی لە هەڵسوکەوتی دەوڵەت و تەنانەت لە پەیکەری دەوڵەتدا پێک نەهێناوە. تا ئەو شوێنەی کە دەگەڕێتەوە بۆ تۆتالیتەریزم، واتە چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی هەموو جم و جۆڵە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان لە لایەن دەزگا دەوڵەتییەکانەوە.

بە سەرهەڵدانی حکومەتە ئیسلامییەکان و هەروەها بە پەرەسەندنی دەسەڵاتی فەرمیی کڵێساکان لە وڵاتە جیاجیاکاندا، ئەم لایەنە تەنانەت لە هەندێ لە ڕژێمەکاندا بە هێز بووە.

ئەوەی کە لە هەندێ لە وڵاتە هەژارەکاندا حکومەتە ناسەربازییەکان جێگای حکوومەتە سەربازییەکانی گرتۆتەوە، پێش ئەوەی لە ئەنجامی هێرشی ئازادیخوازیدا بێ، لە ئەنجامی کۆمەڵێک فاکتەری ئابووری بوو لەم وڵاتانەدا و هەروەها لە ئەنجامی بەرەو لەناوچوونی کارکردنی کۆمەڵایەتی ڕژێمە سەربازییەکان بووە لەم وڵاتانەدا. گیروگرفتی لە مێژینەی ئەم وڵاتانە بە شێوەیەکی سەرەکی، گەشەی ئابوورییە. لایەنی ئیجابی ڕژێمە



سەربازییەکان بۆ بۆرژوازی ئەم وڵاتانە بڕیار بوو، بریتی بێت لەمانە، لە نێوبردنی پەرشوبڵاوی سیاسی لە ناوخۆی چینی دەسەڵاتداردا، بەرقەرارکردنی ستەم و سەرکوتی توندوتیژی چینی کرێکار و سەرەنجام پێکهێنانی زەمینەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ زیادکردنی سوودی سەرمایە و تێکڕای گەشەی ئابووری (معدل التنمیة الاقتیّادیة) ئەمڕۆ بە شێوەیەکی گشتی ستراتیژییەکانی گەشەی ئابووری لەم وڵاتانەدا بە بنبەست گەیشتووە. ئێستا لە هەموو لایەک چاویان بڕیوەتە میکانیزمی بازاڕ و بێگومان ئازادی کاری سەرمایەی تایبەتی. حکوومەتی سەربازی بووەتە مایەی نارەزایەتی گشتی و نائارامی سیاسی، بێ ئەوەی بتوانێ بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت ئیتر هیچ دەردێکی بۆرژوازی ئەم وڵاتانە دەرمان بکات. بە هەر حاڵ دیموکراسی، بەو مانایەی کە دەڵێن ئەمڕۆ سەرکەوتووە، دژایەتی نییە لەگەڵ تێژی زوڵم و سەرکوت، بەڵکوو تەنها بە مانای بوونی جۆرێک لە ئەنجوومەنی سەرتاسەری نوێنەرانە لەسەر بنچینەی هەڵبژاردنێکی گشتی (مەرجیش نییە هەڵبژاردنێکی ئازاد بێت). ئەمە بێگومان لە حکوومەتی ئاشکرای سوپا و پۆلیس باشترە، چونکە بانگەشەی بۆرژوازی بە ئازادبوونی کۆمەڵ چ لە ڕووی سیاسی و چ لە ڕووی فکرییەوە تا ڕادەیەک ئازادی بۆ چینی کرێکار و توێژە ستەمدیدەکان و لایەنگرانی ئازادی فەراهەم دەکات. بەڵام ئەمە تا ئەو ڕادەیە نییە کە شایانی سەما و هەڵپەڕکێ بێت. تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی حکومەتە بۆرژوازییەکان لە وڵاتانی ئاسیا، ئەفریقیا و ئەمریکای لاتیندا کە کۆڵەکە سەرەکییەکانی بریتییە لە قەدەغەکردن وە یان تەنگەبەرکردنی جدی بزووتنەوە و ڕێکخراوە کرێکاری و سۆسیالیستییەکان، تەنگەبەرکردنی ئازادی ڕادەربڕین، هەڵسوورانی سیاسی، ڕێکخرابوون و نارەزایەتی دەربڕین، بوونی دەزگا سەربازی و پۆلیسییە دەسەڵاتدار و سەرکوتگەر و سەروو قانوونییەکان، بوونی وەزارەتێکی دادی گوێ لە مشتی دەوڵەت، زامننەبوونی مافە سیاسی و مەدەنییەکان بۆ هاوڵاتیان، ئاساییبوونی ئەشکەنجە، بوونی حوکمی ئیعدام وە لە یەک قسەدا بێمافی و دەست

بەستراویی هاوڵاتی لە بەرامبەر دەسەڵاتی دەوڵەتیدا، لە بنچینەدا لە جێگای خۆی ماوەتەوە. دەتوانین هەر لە ئۆقیانووس و ئاسیای باشوری ڕۆژهەڵاتەوە تا باکوری ئەفریقا و ئەمریکای باشور، یەک یەک وڵاتەکان بژمێرین و حوکم بدەین.
ڕاستییەکەی من ئامادەم ئەوە قبوڵ بکەم کە دیموکراسی هەر ئێستا لەسەد و حەفتا وڵاتدا سەرکەوتووە، واتە لە هەموو ئەو وڵاتانەدا کە کەسانێک وەکوو نوێنەری ئەنجوومەن، لە کیسەی خەڵکی مانگانە وەردەگرن بەرقەرارە. هەڵبەتە ئەمە لیتوانیا و ئستوانیا کە نزیکەی نیوەی ژمارەی دانیشتوانیان بە تاوانی ئەوەی کە بە زمانی ڕوسی لای لایە بۆ منداڵەکانیان دەکەن مافی دەنگەکانیان نییە میسر، ئەردەن، ئێران کۆریای باشور، لەم دواییانەدا کوێت، کینیا و وڵاتانی تری لەم بابەتە دەگرێتەوە. کاسە لە چێشت گەرمتر نابێت. ئەگەر لە ڕوانگەی دیموکراتەکانەوە ئەو هەلومەرجەی کە لە دنیادا بەرقەرارە ناوی دیموکراسی بێت زۆر باشە، کەوایە ئاشکرایە کە کێشەی خەڵکی لەسەر ئەم دیموکراسییە نەبووە، بەڵکوو لەسەر ئازادی و بەرابەری بووە. ئاماری سەرکوتکردنە سیاسییەکان، ئیعدامەکان، ئەشکەنجەکان، ئەو یاسا و ڕێنوێنییانەی کە مافی بەشە جیاجیاکانی خەڵک تەنگەبەر دەکەنەوە یان هەر لێیان دەستێننەوە، تا بگات بە هەژاری و بێ خانە و لانەیی و ئاوارەیی و مەرگ و لەناوچوون لەبەر بێ خۆراکی و بەدخۆراکی هەر لەم چەند ساڵەی سەرکەوتنی دیموکراسیدا، ئەمانە حوکمێکی ئیجابی لەبارەی دنیای ژێردەسەڵاتی دیموکراسییەوە نادەن بەدەستەوە.

ئەنتەرناسیۆناڵ: تێگەیشتن و لێکدانەوەی جۆراوجۆر لەسەر دیموکراسی هەیە، لە ڕوانگەی ئێوەوە دیموکراسی چییە؟
مەنسوور حیکمەت: پێم وانییە مەبەستتان ئەوە بێت کە من لێکدانەوەیەک لەسەر دیموکراسی "واقعی" و "ڕەسەن" بەدەستەوە بدەم. دیموکراسی لە سیستمی فکری مندا وەک کەسێکی سۆسیالیست و مارکسیست،



دەستەواژەیەکی بناغەیی نییە. ئێمە قسە لە ئازادی دەکەین. بۆ ئێمە ئەمە دەستەواژەیەکی بنەڕەتییە، وەلێ دیموکراسی، هەر وەک پێشووتریش باسم کردووە، لێکدانەوەیەکی چینایەتی تایبەت و تێگەیشتنێکی مێژوویی دیاریکراوە لە چەمکی فراوانتری ئازادی. دیموکراسی دەستەواژەیەکە کە بەشێکی دیاریکراوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە سەردەمێکی دیاریکراوی مێژووییدا لە ڕێگای ئەم دیموکراسییەوە چەمکی فراوانتری ئازادی لە قاڵب داوە. کەواتە تێگەیشتنی من لە دیموکراسی تەنها دەتوانێ تێگەیشتنێکی بابەتی و مێژوویی بێت. کەسێکی لیبرال یان دیموکرات، کەسێک کە دیموکراسی یەکێکە لە ئاوات و ئامانجەکانی، دەتوانێ لێکدانەوەیەکی "داخیلی" و زاتی لە بارەی ئەم دەستەواژەیەوە بە دەستەوە بدات، دەتوانێ ئەوە ڕوون بکاتەوە کە لە ڕوانگەی ئەوەوە دیموکراسی واقعی چییە و چی نییە. بەڵام بە ڕای من کەسێکی مارکسیست دەبێ مانای مێژوویی و پراتیکی دیموکراسی و کارکردە کۆمەڵایەتییەکەی باس بکات. دیموکراسی، نەک وەکوو زاراوەیەک لەم یان لەو کتێبی کۆندا بەڵکە وەکوو ڕاستییەک کە خەڵکی کۆمەڵگای هاوچەرخ لەگەڵیدا ڕووبەڕوو بوونەوە، بەرئەنجامی سەرهەڵدانی سەرمایەدارییە. دیموکراسی تیرِوانینی بۆرژوازییە بۆ مەسەلەی ئازادی. بە هیچ جۆرێک مەبەستم ئەوە نییە کە تەنها یەک جۆرە تێگەیشتن هەیە لە دیموکراسی و لە ڕووی مێژووییەوە تەنها بۆرژوازی خوازیاری دیموکراسی بووە وە یان لێکی داوەتەوە. بە پێچەوانەوە، بە تایبەت بە درێژایی ژیانی دوو نەوەی ڕابردوو، دیموکراسی لە زۆر حاڵەتدا خواستی چین و توێژە ژێردەستەکان بووە و لە لایەن بیریاران و بزاڤەکانی ئەم چین و توێژانەوە بە شێوەی جۆراوجۆر لێک دراوەتەوە و ڕوون کراوەتەوە. بەڵام ئەمە ئەوە دەرناخات کە ئەم چەمکە بۆرژوایی نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دەسەڵاتدارێتی ئایدیۆلۆژی و ترمینۆلۆژی بۆرژوایی بەسەر خەبات لە پێناوی ئازادی و ڕزگاریدا نیشان دەدات. کۆمەڵگای بۆرژوایی توانیویەتی چەمکی دیموکراسی بخاتە جێگای ئازادی و ئازادیخوازی و بەم جۆرە سنووری کۆتایی هێرشی ئازادیخوازانەی چینە

ژێردەستەکان و شێوەی کۆتایی سەرکەوتنی ئەوان لە پێشدا دیاری بکات. ئێوە بۆ ئازادی دەجەنگن و دوای "سەرکەوتن" پەرلەمان و "پلۆرالیزم" بەدەست دێنن. بوونی تێڕوانینی جیاجیا بۆ دیموکراسی، تەنانەت تێڕوانینی چینایەتی جیاجیا، ئەم چەمکەی کردۆتە یەکێک لە ئاڵۆزترین و ناڕۆشنترین چەمکەکان لە فەرهەنگی زاراوە سیاسییەکاندا. بزووتنەوە و سیاسەتمەدارە جیاجیاکان، بە ئامانج و بەرژەوەندی جیاواز و جاروبار دژ بە یەکیشەوە قسەیان لە دیموکراسی کردووە و دەکەن و بێگومان مەبەستیشیان یەک شت نییە. هەلومەرجی سیاسی جیاجیا لە لایەن ڕەوتە جیاجیاکانەوە بە دیموکراسی ناوبراوە. هەر لە دەربڕینە دژی کۆمۆنیستی و جەنگی ساردییەکانەوە، تا دەگات بە لێکدانەوە مرۆڤدۆستانە و حەقخوازانەکان، وجوودیان بووە و هەیە. لە پشتی ئەم هەموو لێکدانەوانەوە دەکرێ ناوەڕۆکی هاوبەش و بابەتیی دیموکراسی و دیموکراسیخوازی کە ئەو بە هەموو شێوەکانییەوە، بۆ نموونە لە سۆسیالیزم و ئازادیخوازی سۆسیالیستی جیا دەکاتەوە، بناسین و پێناسە بکەین. بەڵام لە مەیدانی سیاسیدا خودی چەمکی دیموکراسی، هەر بەم شێوە گشتییەی، شتێکی ئەوتۆ ڕوون ناکاتەوە و هیچ کۆمەکێک بە جیاکردنەوەی بزووتنەوە و ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکان ناکات. لەبەر ئەوە پاش ئەوەی ئەو سیفەت و پاشگر و پێشگرانەی کە دەخرێنە پاڵ دیموکراسی، ئینجاکە ئەم وشەیە مانایەکی ڕۆشنتر پەیدا ئەکات. وەک دیموکراسی لیبراڵی، دیموکراسی خەڵک، دیموکراسی پەرلەمانی یان نوێنەرایەتی (representative) دیموکراسی ڕاستەوخۆ دیموکراسی ڕۆژئاوا و شتی تر. ئەم زاراوانە لە ڕووی سیاسییەوە بە تەواوی زانراوە و دەکرێ پێناسە بکرێن و جیاوازییەکانیان و لە زۆر حاڵەتدا دژایەتییەکانیان ڕوون بکرێتەوە. هەروەها ئەو بزووتنەوە و هێزانەش کە لایەنگری هەر یەکێک لەمانەن دەکرێ دیاری بکرێن و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە تەواوی دەکرێ لێک جیابکرێتەوە.



ئەنتەرناسیۆناڵ: دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم جیاوازییانە. بە تایبەتی جێگای خۆیەتی دەربارەی دیموکراسی ڕۆژئاوا و پەرلەمانی و لیبراڵی بدوێین. بەڵام لە سەرەتاوە چاکترە بچینە سەر ئەو "ناوەڕۆکە هاوبەش و بابەتییە"ی کە وتت بە هەر حاڵ لە پشتی هەموو تێڕوانینەکانەوە بۆ دیموکراسی لە ئارادایە. ئەمە چۆن پێناسە دەکەیت؟

مەنسوور حیکمەت: لێرەدا دەتوانین ئاماژە بۆ چەند پێکنەرێک بکەین. بێگومان لێرەدا ناکرێ لەوە زیاتر قسەی لەسەر بکەین. دیموکراسی بە مانای حکومەتی خەڵکی تێڕوانینێک بوو کە لە سەدەی 18و19دا لە بەرامبەر حکومەتە پاشایەتییە ڕەهاکان و ئەو حکومەتانەدا هاتە مەیدان کە لەسەر بناغەی پاشایەتی و کڵێسای دیانەکاندا دامەزرابوون. لە بەرامبەر حکومەتەکانی ئەو کاتەدا کە لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە شەرعییەت و دەسەڵاتیان لە سەرچاوەیەکی سەرووی خەڵک و کۆمەڵگاوە سەرچاوەی دەگرت، بۆرژوازی ڕوو لە گەشە، کۆمەڵانی خەڵک و خێرخوازە کۆمەڵایەتییەکان خوازیاری دەوڵەتێک بوون کە لە خەڵکەوە هەڵقوڵابێ. هەڵبەتە ئەم خواستە خۆی زۆر ناڕۆشنە، هەر وەک خەبات و تێکۆشانەکانی دوو سەدەی دواتر تا ئەمڕۆش بە ڕوونی نیشانی داوە. یەکەم، شێوەی عەمەلیی دەخاڵەتی خەڵکی لە دەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەتدا دەبێ چۆن بێت، دووەم، چەمکی "خەڵک" چ کەسانێک دەگرێتەوە. تا ئەم سەردەمەی ئێمەش، بەشێکی زۆر و لە هەندێ شوێندا تەنانەت زۆربەی ئینسانەکان، وەک ژنان، ڕەشپێستەکان، کۆچکردووەکان و کەسانی تر لەم یان لەو دەوڵەتی دیموکراسیدا بە بەشێک لە "خەڵک" نەژمێردراون. زۆر لە مێژ نییە کە ئینسانی کرێگرتە (کرێکار) لە ڕوانگەی پرۆسەی دیموکراتیکەوە بە بەشێک لە خەڵک دانراوە. ئەم دوو مەیدانە هەردووکیان، واتە پێکهاتەی حکوومەت و پەیوەندی عەمەلی خەڵکی لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتیدا و ئەوەی کە تا چ ڕادەیەک ئەم دیموکراسییە توێژە جیا جیاکانی خەڵک دەگرێتەوە، مەیدانی سەرەکی خەباتی سیاسی بوون و لە ئەنجامی ئەم خەباتەدا، سیمای عەمەلی دیموکراسی لە خودی کۆمەڵگای ئەورووپا و ئەمریکادا تا

ڕادەیەکی زۆر ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. بەڵام بە هەر حاڵ واقیعەتێکی بابەتی لە چەمکی دیموکراسیدا هەیە و ئەویش ڕەتکردنەوەی ئەو دەسەڵاتدارێتییەیە کە تیایدا سەرچاوەی دەسەڵات بگەڕێتەوە بۆ سەروو کۆمەڵگا وە یان کەس نەزانێت لە کوێوە هاتبێت. لە ڕوانگەی دیموکراسی و بیرکردنەوەی دیموکراتیکەوە نە تەنها زۆری شمشێر و بە میراتگرتنی خانەدانی و پێغەمبەرایەتی و ئیمانی و شتی وا لە باب و باپیرانەوە وەکوو سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسی شتێکی ناڕەوایە، بەڵکوو دەسەڵاتێکش کە نەتوانرێ وەلا بنرێ بە شێوەیەکی گشتی تەنانەت ئەگەر خۆشی لە سەرەتاوە لە هەڵبژاردنەوە سەرچاوەی گرتبێت، بە نادیموکراتیک دەژمێردرێت. بە واتایەکی تر بیروباوەڕی دیموکراتیک و ڕژێمی دیموکراتێک، لە هەر شێوەیەکیدا بێت، دەسەڵاتی دەوڵەتیی بەوە دادەنێ کە لە خەڵکەوە هەڵقوڵابێت، وەڵام بە خەڵکی بداتەوە و بە هەر شێوەیەک بێت لە توانادا بێت کە لە لایەن خەڵکەوە بگۆڕدرێت. جا ئەوەی کە ئەم بانگەشەیە لەم یان لەو ڕێبازی دیموکراسیدا و لەم یان لەو دەوڵەتدا چەندە پوچ وەیان واقعییە مەسەلەیەکی ترە. هەر جۆرە لێکدانەوەیەکی دیموکراسی بە هەر حاڵ خوازیاری جۆرێک لە پرسپێکردنی ڕای خەڵکە لە مەسەلەی دیاریکردنی دەوڵەتدا. دووەم و لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە دیموکراسی و دیموکراسیخوازی خۆی لە خۆیدا لە بەرامبەر پێکهاتی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە ئابوورییەکاندا کوێرە. بە واتایەکی تر هەلومەرجی ئابووری مەوجود، دەوری دەوڵەت، جێوشوێنی ئینسانەکان لە بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی موڵکایەتیدا، دابەشبوونی خەڵکی بۆ توێژ و چینە جیاجیاکان و شتی لەم بابەتە، دامودەزگا سیاسی و ئیدارییە مەوجوودەکان، لە ڕوانگەی دیموکراسی و دیموکراتیزمەوە هەر ئەوەیە کە لە ئارادایە. بۆ نموونە تێکۆشان بۆ هەڵوەشاندنەوەی مەرجی خاوەندارێتی لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا، بزووتنەوەیەکی دیموکراتیکە، بەڵام خودی خاوەندارێتی و پەیوەندی بەشە جیاجیاکانی خەڵک لە پەیوەند بە خاوەندارێتییەوە جێگەی پرسیار نییە. لە ڕوانگەی دیموکراتیکەوە دەکرێ خوازیاری ئەوە بێت کە



ژنانیش لەو سوپا سەربازییەی ئەمریکادا کە بۆ کەنداو نێردرا بەشداری بکەن و لە هەمان کاتدا هیچ هەقیشت بەسەر دەور و جێگای ئەم سوپا و ئەم ئۆپەراسیۆنەوە نەبێت وە یان لە بەرامبەر ڕێکخراوی "سیا"دا ناڕەزایەتی دەربڕی، کە بۆچی بە ئەندازەی پێویست سووڕپێستەکان لە ئۆرگانەکانی سەرەوەیدا نییە. دابەشکردنی خەڵکی بۆ شیعە و سونی و دیان و پاشان بۆ نموونە داواکردنی ئەوەی کە دەوڵەتێک لە لوبنان دامەزرێت کە ئەم "توێژانە" هەموویان تیایدا بەشدار بن، جا هەر چەندە ئینسانەکان بکا بە گژی یەکتردا، بەڵام هەڵوێستێکی دیموکراتیکە. بۆ نموونە دیموکراسی پیشەسازی، بەش بە حاڵی خۆی لە بەرامبەر ئەو دەسەڵاتانەی کە بۆ یەکێتییە کرێکارییەکان داوای دەکات، دابەشبوونی خەڵکی بو کرێکار و خاوەنکار وەک پێشفەرزێک وەردەگرێت و لە سیستەمی خۆیدا وەک شتێکی ئەبەدی چاوی لێ دەکات. بەم جۆرە ئەوە ئاشکرایە کە لەبەرچاونەگرتنی پەیوەندییە ئابوورییەکان و دابەشبوونی خەڵکی بۆ چینە جیاجیاکان لە کۆمەڵدا، بەو مانایە نییە کە دیموکراسی تەنها لە چوارچێوەی سیاسیدا دەمێنێتەوە و دیموکراسیخوازی تەنها مەسەلەیەکی سیاسییە. بەڵکوو بە پێچەوانەوە، بەو مانایەیە، کە گشت بنەما ئابوورییەکانی ئەم کۆمەڵگایەی ئێستا، واتە خاوەندارێتی بۆرژوایی و بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بە هەموو ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکەیەوە، لەلایەن ئەم بیروباوەڕ و ئەم بزووتنەوانەوە وەرگیراوە و بووەتە بنەمای کۆمەڵایەتی دیموکراسی. دیموکراسی ڕژێمێکی سیاسی، وە یان داواکردنی ڕژێمێکی سیاسییە، لەسەر بنەمای ئابووری_ کۆمەڵایەتی سەرمایەداری. چ لە ڕووی تیۆرییەوە و چ لە ڕووی واقعییەتی مێژووییەوە، داواکردنی دیموکراسی بە مانای داواکردنی "سەرمایەداری دیموکراتیک". بە کورتی، ناوەڕۆکی هاوبەش و بابەتیی دیموکراسی و دیموکراسیخوازی ئەوەیە کە لە هەر سەردەمێکدا، بە فەرزوەرگرتن و لەسەر بناغەی لە ئارادابوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری و باڵادەستیی ئابووری، سیاسی و فکری چینی بۆرژوا، خوازیاری ئەوەیە کە پایەی فۆرماڵ و حقوقیی

دەسەڵاتی سیاسی بەشێکی هەرچی زیاتر لەو توێژ و بەشانە بگرێتەوە کە لەو کۆمەڵگایەدا هەیە. لە ڕووی عەمەلییەوە دیموکراسی ئەو دەستەواژەیەیە کە توێژێک وەختێ بیەوێ ناڕەزایەتی دربڕێ بە مەحرومبوونی قانوونی وە یان دوو لایەنەی خۆی لە مافی بەشداریکردن لە پرۆسەی بڕیارداندا، بزووتنەوەی خۆی پێ ناو دەبات. بە ڕای من سیفەتی هاوبەش و گشتی دیموکراسی لەمە زیاتر نییە.

دیموکراسی خۆی بۆ خۆی هەلومەرجێک یان ڕژێمێکی سیاسی و دەستورێکی دیاریکراو و سنووردار بە تاکە کەسەوە نییە، بەڵکە بزووتنەوەیەکی هەمیشەیی توێژە پشتگوێخراوەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافانەی کە ئەوانی تر هەیانە لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسیدا. هەروەها ناوەڕۆکی دیموکراسی و دیموکراتیزم سەرەنجام پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لە چ توێژێکەوە لە چ کۆمەڵگایەک و لە چ هەلومەرجێکی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆرژوازی تایبەتی (خسووسی) لە کێشەی لەگەڵ بیرۆکراسی ئیداری و پیشەسازی دەوڵەتی لە بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا لە زمانی قسەکەرانییەوە لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا خوازیاری ئەوەیە کە بواری ئەوەی هەبێت کە لە دەسەڵاتی سیاسیدا بەشداری بکات و ناوی بزووتنەوەکەی خۆی چ لە ڕۆژئاوا و چ لە خودی ڕۆژهەڵاتدا ناو دەنێت دیموکراسیخوازی. ڕەشپێستی ئەفریقیای باشووریش خوازیاری مافی بەشداریکردنی یەکسانە لە هەڵبژاردندا، ئەویش دیموکراسی دەوێت. وەلێ ئاسۆ و ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دوو بزووتنەوەیە لەگەڵ یەکتردا زۆر جیاوازن.

ئەنتەرناسیۆناڵ: ئێوە دەڵێن دیموکراسی دەستەواژەیەکە بۆ توێژێک کە دەیەوێ دەرگا داخراوەکانی دەسەڵات بە ڕووی خۆیدا بکاتەوە، یان بە دەربڕینێکی تر، فراوانکردنەوە و پەرەپێدانی پایەی حقوقیی دەسەڵات و بەشداریکردنی توێژگەلێکی هەرچی زیاترە لە دەسەڵاتدا. ئەمە هەر ئەو شتەیە کە وا دەکات، لە بیروڕای گشتیدا ڕەوایی بە دیموکراسی بدات و داواکاری لەسەر بێت، واتە ئازادی فەردی و ئازادی تاکەکەس لە



دەخاڵەتکردن لە کاروباری کۆمەڵدا. بە ڕای ئێوە ئەمە هیچ کەمایەسییەکی تێدایە؟

مەنسوور حیکمەت: بە گشتیکردنی پایەی حقوقی و فۆرماڵیی دەسەڵاتی سیاسی، یانی ئەوەی کە من وتم لەگەڵ "بەشداریکردنی توێژگەلێکی هەرچی زیاتر لە دەسەڵاتدا" وە یان "ئازادی فەردی و ئازادی تاکەکەس لە دەخاڵەتکردن لە کاروباری کۆمەڵدا" بە هیچ جۆرێک یەک شت نین. هەڵبەتە ئەوەی کە نە تەنها ڕەوایی بە دیموکراسی داوە، بەڵکوو کردوویەتی بە وشەیەکی پیرۆز لە فەرهەنگی سیاسی خەڵکی و کۆمەڵگای ئەمڕۆدا هەر ئەوەیە کە فراوانکردنەوەی حقوقی فۆرماڵیی ڕێگەدان بە توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵ بۆ بەشداریکردن لە دەسەڵاتدا، لەگەڵ ئازادی تاکەکەس و لەگەڵ فەراهەمبوونی دەخاڵەتکردنی واقیعی هەر کەس لە کاروباری کۆمەڵدا، بە یەک شت دادەنێن. ئەمانە یەک شت نین. سەبارەت بەوەی کە دیموکراسی بەو شێوەیەی کە ئێوە پێناسەتان کرد، کە لە ڕاستیدا پێناسەی دیموکراسی لیبراڵی بوو "چ کەمایەسییەکی هەیە" دواتر قسە دەکەم.

ئەو خاڵە سەرەکییەی کە من لە باسەکەمدا ئاماژەم پێ کرد، ئەوەبوو کە دیموکراسی بە بێ پێشگر و پاشگر، شتێکی زیاتر لە فۆرمۆلاسیۆن و داواکارییەکی سیاسی لە چوارچێوەی سەرمایەداری، بۆ بەشداریکردنی توێژە کۆمەڵایەتییەکان لە پرۆسەی حقوقی پێکهاتنی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسیدا نییە. دیموکراسی بەم مانایە تەنانەت هێشتا نیشاندەری نیزام و پەیڕەوێکی سیاسی تایبەت بۆ کۆمەڵ نییە. هاوتای داواکردن یان دانی ئازادی زیاتر بە تاکە کەس یان بە "خەڵک" نییە. هەموو وڵاتانی دنیا، ژمارەیەکی کەمیان نەبێت، بەدەر لەوەی کە مەودای ئازادییە مەدەنییەکان تیایاندا چەندە، خۆیان بە دیموکراتیک دەزانن، چونکە دەتوانن پرۆسەیەکی شکڵی و حقوقی نیشان بدەن کە تیایدا "خەڵکی" لە دیاریکردنی دەوڵەتدا بەشداری دەکەن. بە پێی لێکدانەوەی دیموکراسی لیبراڵی، ژمارەیەکی زۆر لەم وڵاتانە، بۆ نموونە حکومەتە مەدەنی و پەرلەمانییەکانی لایەنگری ڕۆژئاوا لە ئەمریکای لاتین و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، دیموکراتیک نین و

نەبوون. بەپێی لێکدانەوەی دیموکراسی خەڵکی، دیموکراسی لیبراڵی خۆی دیموکراتیک نییە. بەڵام ئەمە جیاوازی تێگەیشتنی لیبراڵی، جەنگی ساردیی، خەڵکی، ئانارشیستی، سۆسیال دیموکراتیک، تەکنۆکراتیک و ئەوانی تر لە دیموکراسی نیشان دەدات، نەک "واقعی" نەبوونی دیموکراسی لەم یان لەو وڵاتدا. وە سەرەنجام من جەختم لەسەر ئەوە کرد، کە ئێمە وەک سۆسیالیست پێش ئەوەی ئەم پێشگر و پاشگرانە بخەینە نێو باسەکەمانەوە، ناکۆکییەکی تەواومان هەیە لەگەڵ ئەو ناوەڕۆکە هاوبەشەی لە پشت هەموو ئەم تێگەیشتنانەوە حەشاردراوە، واتە قبوڵکردنی ئەم بناغە ئابوورییەی کە لە ئارادایە و هێنانەخوارەوەی مەسەلەی ڕزگاری سیاسی بە بەشداریکردنی تاکەکەس یان "توێژەکان" لە پرۆسەی شکڵی و حقوقیی پێکهێنانی دەوڵەتدا. دیموکراسی لە شێوە تێڕوانینە جیاجیاکانی تا ئێستایدا، میکانیزمێکە (هەر وەکوو لە شوێنێکی دیکەدا ئاماژەی پێ دەکات، مەبەست لە دیموکراسی جەنگی ساردیی دیموکراسیی ڕۆژئاواییە./ وەرگێڕ) بۆ ئەوەی حکومەتی چینایەتی و لە ناوەڕۆکدا سەروخەڵکی بۆرژوازی وەک حکومەتێکی خەڵکی نیشان بدات و مەشروعییەتی پێ بدات.

وە بیرتانی دێنمەوە یەکەم، سەرکەوتنی دیموکراسی بەسەر حکومەتە ملهوڕەکاندا لە ئەوروپا بە هیچ جۆرێک نەبووە هۆی ئەوەی کە تاکە کەس بتوانێ لە دیاریکردنی دەسەڵاتدا، بە هەمان مانای شکڵی (فۆرماڵ)یش بەشداری بکات، تا دەیان ساڵ ئەو هاووڵاتییەی کە مافی هەڵبژاردنی هەبوو لە سیستەمە دیموکراسییەکانی ئەوروپادا پیاوی سپیپێستی "ئازاد" و خاوەن زەوییان سەرمایە بوو. مافی دەنگدانی کرێکاران، ژنان، سوورپێستەکان و کەسانی لەم بابەتە بەشێکی سەرەکی پێناسەی دیموکراسی پێک ناهێنن و لەگەڵیدا دایک نەبوون، بەڵکوو بەرەنجامی خەباتی حەقخوازانەی چین و توێژە جیاجیاکان بوون لەو کۆمەڵگا دیموکراتیکەدا کە لە ئارادا بووە. ئەو خەباتانەی کە لەژێر ئاڵای فکری و سیاسی بزووتنەوەکانی تردا، وەک بزووتنەوەی سۆسیالیستی، بزووتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان، بزووتنەوەی دژی هەڵاواردنی نەژادی و میللی و شتی ترەوە، بە گشتی



شێوەیەکی نادیموکراتیک و ناقانوونی چوونەتە پێشەوە. دووەم، دەستەواژەی دیموکراسی خۆی بە مانای تایبەتی وشەکە ڕێک وەکوو سەربەخۆیی و خودموختاری، مەرج نییە لەگەڵ پەرەسەندنی دادوەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانی وە یان تەنانەت ئازادی فەردی زیاتردا هاوتا بێت. دیموکراسی، سەربەخۆیی و شتی لەم بابەتە، ئەو قاڵبە سیاسی و ئیدارییە دیاریکراوانەن کە دەتوانن ناوەڕۆکی جیاجیا بگرنە خۆیان. ئەوە لە سەرەتاوە ئاشکرا نییە کە سەربەخۆیی بەنگلادیش یان لیتوانیا و تاژیکستان وە یان باسک، هەر بە مانای پەرەپێدانی مافەکانی ئینسان و خۆشگوزەرانی و یەکسانی کۆمەڵایەتی بووبێت وە یان ببێت لەم وڵاتانەدا. ئەوە لە پێشدا ئاشکرا نییە کە کاتێک "خودی" کرواتەکان و سربەکان و بۆسنییەکان بە پێی ئەو نەخشانەی کە دیاریکراوە حکوومەتی خۆیان دامەزرێنن خەڵکانی مامناوەندی زیندەگییەکی باشتر یان خراپتریان لەو جوگرافیایەدا کە پێشووتر نێوی یۆگسلافیا بوو دەبێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە زۆر حاڵەتی مێژووی هاوچەرخدا، وە لەوانە هەر ئەم سەردەمەی خۆشمان، ئەو خەڵکەی کە پێشووتر نیمچەمانێکی هەبوو لەژێر ئاڵای سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی و "حکوومەتی خۆمان"دا لە دەستیان داوە. لە مەڕ دیموکراسیشەوە بە مانای تایبەتی وشەکە، واتە دیموکراسی بێ پێشگر و پاشگر، ئەم خاڵە هەر ڕاستە. ئەمڕۆ لە بەشی هەرە زۆری وڵاتە ئیسلامییەکاندا، هەر پەرلەمانێک زۆربەی خەڵک هەڵی بژاردبێ و هەر ڕیفراندۆمێکی جەماوەریی، بە ئەگەرێکی یەکجار زۆرەوە، جێ و شوێنی ژن وەک هاوڵاتی پلە دوو، وە تەنانەت خراپتر لەوەش، لە قانووندا جێگیر دەکات. ڕای گشتی و ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی ئەمریکا و بەریتانیا وە لە ڕاستیدا هەموو ئەوروپای دیموکراتیک، دەنگی بۆ لە شکرکێشی و ئینسانکوژی لە کەنداو دا. نەوەت و چەند لە سەدی خەڵکی ئێران لە ڕیفراندۆمێکی گشتیدا، دەنگیان بۆ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا دا و لە جەزائیریش خەریک بوو هەمان شت ڕوو بدات، کە لە کاتی خۆیدا پێشیان پێ گرت. پەرلەمانە ئازادەکان لە ئەوروپا، وە هەر ڕیفراندۆمێکی

جەماوەری لەم وڵاتانەدا، ئەمڕۆ بە ئاسایی دەنگ بە پێشێلکردنی مافی سەرەتایی خەڵکی جیهان لە گواستنەوەی شوێنیان و شوێنی نیشتەجێبوونیان لە هەر شوێنێک کە ئارەزوویان لێ بێت دەدات. ئەم جۆرە بڕیارانە لەگەڵ مرۆڤدۆستی و ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی و حورمەتی ئینسانیدا نایەتەوە، وەلێ لەگەڵ دیموکراسی و پرۆسەی دیموکراتیدا دێتەوە. دیموکراسی قاڵبێکی حقوقییە بۆ پرۆسەی بڕیاردان، نەک شێواز و و پێوەرێک بۆ ناوەڕۆکی خودی بڕیارەکان.

دیموکراسی خۆی لە خۆیدا بە مانای حکوومەتی خەڵکە و هەر وەک وتم ئەم دەستەواژەیە لە بەرامبەر حکومەتە ئایینی و ئەریستۆکراتی و پاشایەتی و دواکەوتووەکاندا سەری هەڵدا. ئەوەی کە کۆمەڵگایەک کە دیموکراسی تێیدا بەرقەرارە چ تێڕوانینێکی هەیە بۆ ئازادی تاکەکەس، دادوەریی کۆمەڵایەتی، یەکسانی ئینسانەکان، مافی مرۆڤ و شتی لەم بابەتە ئەوە مەسەلەی خودی دیموکراسی نییە، بەڵکە ئەم مەسەلەیە بە کێشمەکێشمی نەریتە فکری و سیاسییەکانی چینە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانەوە لە کۆمەڵدا بەستراوەتەوە. بەشێکی زۆر لەو داواکارییانەی کە ئەمڕۆ دراونەتە پاڵ دیموکراسی، وەکوو سەروەریی یاسا، لە بەرچاوگرتنی مافەکانی مرۆڤ، ئازادییە مەدەنی و فەردی و گشتییەکان و شتی لەم بابەتە، خۆیان لە خۆیاندا هیچ پەیوەندییەکیان بە دیموکراسییەوە نییە، بەڵکوو کاریگەریی چەند مەیلێکی تایبەت و چەند نەریتێکی فکری و سیاسی تایبەت وەک لیبراڵیزم یان سۆسیالیزمە.

ئەنتەرناسیۆناڵ: ئایا مەبەستتان ئەوەیە کە دیموکراسی خۆی چەمکێکی سەربەخۆی لە بواری ماف و ئازادییە فەردی و مەدەنییەکان وە یان حکوومەتی خەڵکدا نییە؟

مەنسوور حیکمەت: مەسەلە ئەوەیە کە بە بێ ئەو بزاوت و ڕێبازەی خەریکە قسە لە دیموکراسی دەکات، ئێمە بۆچوونێکمان لەسەر دیموکراسی نییە. بنەما زێڕینەکانی دیموکراسی، سەربەخۆ لە ڕێبازە سیاسییەکان لە هیچ شوێنێکدا نەنووسراوە. لەسەر کاغەز، ڕوانگەی ڕێبازی لیبراڵیزم بۆ



دیموکراسی، دەربڕینێکی باو و زاڵ بووە. دەڵێم لەسەر کاغەز، چونکە لە واقیعدا لە بەشی هەرە زۆری سەدەی بیستەمدا، تا ئەم دواییەش، ژیانی بەشی هەرە زۆری خەڵکی گۆی زەوی بەکردەوە لەژێر کاریگەری دوو تێگەیشتنی تر لە دیموکراسیدا بوو، یەکێکیان، تێگەیشتنی جەنگی ساردیی "دیموکراسی ڕۆژئاوایی"، کە سەرەڕای خزمایەتی نزیکی لەگەڵ تێگەیشتنی لیبراڵیدا، بە هیچ جۆرێک نابێ بە هاوتای یەکیان بزانین و دووەم، تیگەیشتنی خەڵکی "دیموکراسی خەڵک"، واتە ئەو تێگەیشتنەی کە لێکدانەوەی جەماوەری فراوانتری خەڵکی وڵاتانی ژێردەستە و دواکەوتووی لە چەمکی دیموکراسی پێک دەهێنا. چەمکگەلی ئەم ڕێبازانە لە بارەی دەسەڵاتی سیاسی و مافە مەدەنییەکان و ئازادی فەردییەوە لەگەڵ یەکتردا زۆر جیاوازی یان هەیە. لە بەشی هەرە زۆری دەورانی دوای جەنگی جیهانی دووەم، لە حاڵێکدا کە دیموکراسی ڕۆژئاوایی و دیموکراسی خەڵک لەوپەڕی دنیادا لەسەر ئەوەی کە مانای عەمەلی ئەم وشانە بۆ خەڵکی چییە شمشێریان لە یەکدی ڕاست دەکردەوە، دیموکراسی لیبراڵی لە ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان و ڕێکخراوە خێرخوازییەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤدا هەڵەکانی هەردوو لای لە دەفتەرەکانی خۆیدا تۆمار دەکرد.

ئەوەی کە لە نێوان هەموویاندا هاوبەشە و هەر وەک وتم حوکمی سەربەخۆ و ناوەڕۆکی بابەتیی دیموکراسی پێک دەهێنێت، ئەوەیە کە پەیوەندییەکانی سەرمایەداری و دامەزراندنی میکانیزمێکی حقوقی بۆ بەشداریکردن (جا بە هەر پێناسەیەکەوە بێت) لە پرۆسەی دیاریکردن و ئاڵوگۆڕپێکردنی دەوڵەتدا بە بنچینەی خۆی دەزانێت. خودی دیموکراسییان بە حکومەتی زۆربە داناوە، نەک بە بەرقەرارکردنی کۆمەڵێ پێودانگ و بەها و مافی دیاریکراو. تێهەڵکێشانی ئەم پێودانگە تایبەتانە لەگەڵ چەمکی دیموکراسیدا، کاری ڕێباز و بزاڤە سیاسییە جیاجیاکان بووە. ئەم کارە لیبراڵیزم، سۆسیالیزم ، کۆنسێرڤاتیزم، ئانارشیزم و ئەوانی تر هەموویان ئەنجامیان داوە. ئەوە گومانی تێدا نییە کە دیموکراسی، وەک نیزامێک کە تیایدا دەخاڵەتی فەرد و توێژە کۆمەڵایەتییەکان لە کاروباری دەوڵەتدا بە

ڕەوا لە قەڵەم دراوە، هەلێکی زیاتر بۆ بزووتنەوە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان دەرەخسێنێ، لە چاو شێوەکانی تری حکومەتە نادیموکراتییەکاندا، تاوەکوو مۆری خۆیان بە کۆمەڵگاوە بنێن و بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانە تێبکۆشن کە گەرەکیانە بەدی بهێنن. وەلی ئەمە خۆی لە خۆیدا کاراکتەری کۆمەڵ پێناسە ناکات. مەرج نییە بەرەنجامی پرۆسەی دیموکراتیک بە مانای ئازادی فەردی یان گشتی زیاتر، یەکسانی و دادوەریی کۆمەڵایەتی، پێشێلنەکردنی مافەکانی مرۆڤ و شتی تر بێت. ئازادییە سیاسییەکان و دادوەریی کۆمەڵایەتی بەرەنجامی خودی پرۆسەی دیموکراتیک نییە، بەڵکە بەرەنجامی ئەو بزووتنەوە و هێزە کۆمەڵایەتییە ئازادیخواز و عەدالەتخوازانەیە کە بە درێژایی مێژوو توانیویانە، چ لە جەرگەی پرۆسەیەکی دیموکراتیکدا و چ لە دەرەوەی ئەم پرۆسەیەدا، سەنگ و سووکی هێزە کۆمەڵایەتییەکان بە قازانجی خۆیان و ئامانجەکانیان بگۆڕن و بەشێک لەم ئامانجانە بکەن بە قانوون و عادەت. لە زۆر حاڵەتدا، هەر وەک لە ساڵانی هەشتاکاندا بە پەرەسەندنی تاتشەریزم، بینیمان و ئەمڕۆش بە پەرەسەندنی هێزە فاشیستی و ڕاسیستییەکان لە مەیدانی سیاسەتی پەرلەمانی ئەورووپادا دەیبینین. خودی پرۆسەی دیموکراتیک، وە یان لانی کەم چەند شێوەیەکی دیاریکراوی ئەم پرۆسەیە، دەتوانێ ببێتە مایەی گەشە و تەنانەت بەهێزبوونی هێزە دژی ئینسانی و کۆنەپەرست و ملهوورەکانیش. ئەو تێڕوانینە زێڕینەی کە سەرمایەداری لە ئایدیۆلۆژی فەرمی و لە پڕۆپاگەندە سیاسییەکەیدا لەبارەی دیموکراسی دەیدات بە دەستەوە، تێڕوانینێک کە تیایدا فەرد ئازاد و سەرفرازە و هەروەها جۆرێک لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ زامنە، لێکدانەوەیەکە لەسەر بنەمای تێڕوانینی لیبرالیزم (وە تا ڕادەیەک سۆسیال دیموکراتیش) بۆ دیموکراسی. بۆ کەسانێکی زۆر ئەم تێڕوانینە موجەڕەد و تیۆرییە لە دیموکراسی، لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ژیانی چینی ناوەنجیی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا، وە لەگەڵ ئەو شتەدا کە لەم وڵاتانە دەمارگیری و داسەپاندنی بیروباوەڕ کە لەبەر هۆی جۆراوجۆر کەمتر لە ئارادایە، تێک هەڵکێش



دەکرێن و تێڕوانینێکی خەیاڵی لە دیموکراسی پێک دەهێنن. بۆ نموونە وەختێک ڕۆشنبیرێکی ئێرانی یان ڕوسی وە یان میسری و ... هتد. داوای دیموکراسی دەکات، ئەم وێنایەی دەوێ. بەڵام ئەمە پڕۆپاگەندەی سەر سنوقەکەیە. دیارە ئەگەر تەنانەت ناوەڕۆکەکەشی هەر ئەو شتە بێت کە خۆیان نیشانی دەدەن، دیسانەوە ئێمە وەکوو کرێکار و وەکوو مارکسیست ڕەخنەی بنەڕەتیمان لێی هەیە. ئێمە ڕەخنەمان لە لیبراڵیزم و تێڕوانینی لیبراڵی بۆ ئازادی هەیە. دیموکراسی لیبراڵی ئەندێشەی ئازادی مرۆ دەشێوێنی، دەستەواژەیەکە بۆ هەڵاواردنی ئینسانەکان لە بەرامبەر سەرمایە لە مەیدانی سیاسیدا و بۆ ڕەواییدان بە دیکتاتۆری سەروو خەڵکیی چینی سەرمایەدار. ئەمە لایەنێکی سەرەکیی باسەکەی ئێمەیە لەسەر دیموکراسی کە دەبێ بە شێوەیەکی سیستماتیک بە کۆمەڵی ڕابگەیەنین. بەڵام ئەم تێڕوانینە لیبراڵییە نە تەنها لە نموونە هەناردەکراوەکانی دیموکراسیدا، بەڵکوو لە خودی وڵاتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاواشدا ئەوەندە لە ڕاستییەوە نزیک نییە. دیموکراسی عەمەلی، دیموکراسی بەو شێوەیەی کە هەیە، تەنانەت لەو تێڕوانینە لیبراڵییەی پوچتر و ڕیاکارانەترە. لە زۆر حاڵەتدا، بۆ نموونە لە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لە جەنگی سارد لەگەڵ بلۆکی بۆرژوایی دژکاردا وە یان لە جەنگی تەبلیغاتی لە دژی سۆسیالیستەکان و مارکسیزم لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا، دیموکراسی بە شێوەیەکی فەرمی بە مانای پیرۆزیی خاوەندارێتی تایبەتی و بازاڕ بەکار دەهێنرێت. بۆ نموونە یەکێک لە کۆڵەکەکانی تاتشەریزم وێناکردنی ئۆرگانە کرێکارییەکان بوو وەک هۆکاری بەرتەسککەرەوەی دیموکراسی و ئازادی فەردی (بۆ قبولکردنی هەموو ئیشێک و هەموو هەلومەرجێک). چەندین جار ڕاپۆرت لەسەر بەکارهێنانی دەزگای ئەشکەنجە لە دامودەزگا پۆلیسییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوادا دراوە. بوونی کۆڕ و کۆمەڵی نافەرمی لە سەرووی دەوڵەت و لە سەرووی ئەنجوومەنەوە بۆ دیاریکردنی سیاسەتەکانی وڵات، دادگا نهێنییەکان و دادگا شکڵییەکان، دەزگا و دامەزراوە نهێنی و چەکدارەکانی کۆنترۆڵکردنی خەڵک، ئاژانسەکان و ئەو ژۆرنالیزمەی کە هونەری تۆقاندن و وروژاندن و

گێژکردنی له ئه‌نجامی شۆڕش له ته‌کنیک و فۆڕمدا به‌وپه‌ری گه‌یاندووه، ده‌سته و تاقمی گۆپاڵ به‌ده‌ست و ڕاستڕه‌و که له لایه‌ن ده‌وڵه‌ته‌وه پشتیوانییان لێ ده‌کرێت و په‌یوه‌ندییان به پۆلیسه‌وه هه‌یه و کاریان ملکه‌چ پێ کردنی توێژه مه‌حرووومه‌کان و باڵی چه‌په له کۆمه‌ڵدا، وه ده‌یان ده‌زگا و ڕیوڕه‌سمی تر ماف و ئازادی فه‌ردی و مافه‌کانی مرۆڤی له خودی کۆمه‌ڵگای ڕۆژئاواییدا کردۆته گاڵته‌جاڕ. ئه‌و ئینسانه‌ی له‌م وڵاتانه‌دا گوزه‌رانیان مام ناوه‌ندییه، که دیاره حاڵی له خه‌ڵکی باقی وڵاتانی جیهان باشتره، به شێوه‌یه‌کی دڵته‌زێن بێماف، ترسێنراو و بێ ده‌خاڵه‌ته له چاره‌نووسی خۆیدا. ئه‌گه‌ر بمانه‌وێ سه‌باره‌ت به چه‌مک و ده‌سته‌واژه‌کانی دیموکراسی له باره‌ی مافی فه‌ردی و مه‌ده‌نی و شتی تره‌وه قسه بکه‌ین یان ده‌بێ به دیاریکراوی ده‌رباره‌ی ڕێبازه جیاجیاکان و تێگه‌یشتنه تایبه‌ته‌کانی ئه‌م ڕێبازانه له دیموکراسی بدوێین و ئه‌مه له بنچینه‌دا ئێمه ده‌باته ناو باسی دیموکراسی لیبراڵی و سیسته‌می په‌رله‌مانییه‌وه. وه یان ده‌بێ دیموکراسی له کارکرده دیاریکراوه‌که‌ی له مێژووی هاوچه‌رخدا هه‌ڵبه‌سه‌نگێنین. له هه‌ردوو حاڵه‌ته‌که‌دا که‌سێکی مارکسیست خۆی له سه‌نگه‌ری ڕه‌خنه‌گر له دیموکراسی، چ وه‌ک چه‌مکێک و چ وه‌ک واقیعه‌تێک، ده‌بینێته‌وه.

**وه‌رگێڕانی: سه‌عید ئه‌حمه‌د**

......................

........... **ماوێتی**

❊

اولین بار از اسفند ۱۳۷۱ تا مرداد ۱۳۷۲، فوریه تا ژوئیه ۱۹۹۳، در شماره های ٤ تا ۷ انترناسیونال نشریه حزب کمونیست کارگری ایران منتشر شد .



مجموعه آثار منصور حکمت جلد هشتم صفحات ٦۹ تا ۱۱۵ انتشارات حزب کمونیست کارگری ایران، چاپ اول نوامبر ۱۹۹۷ سوئد
ISBN 91-630-5761-1

تێبینی:

**ئه‌م نووسراوه‌یه له لایه‌ن هاوڕێ "ئازاد ئه‌حمه‌د"ه‌وه بۆ ئه‌م پرۆژه‌یه نێرراوه، به سوپاسی زۆره‌وه.**